# ئەزانم بەڵام هەردێم

زەنگی تەلەفونەکەمان لێیدا , دوای هەواڵ و چاك و چۆنی , هاوڕێکەم ووتی ئەمەوێت بێمە دەرەوە , تۆ ئەڵێی چی ؟ کام وولآت باشە ؟ ئەتوانی زانیاری پێوویستم پێشکەش بکەیت ؟ ئەمەو چەندین پرسیاری تر .

زۆر زەحمەتە خۆت لە دەرەوەبیت و هەوڵ بدەیت کەسێك قانع بکەیت کە هاتنە دەرەوە لەم هەلومەرجەی ئێستادا قورسەو , دەبێت زۆر بە ووریایەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیعی تازەی ژیان لە دەرەوە بکەیت , چونکە هەمووومان دەزانین چ فشارێك لە سەر پەنابەران هەیەو , بەڕەسمیش مافی پەنابەری بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان ڕاگیراوە .

بۆ وەڵامی پرسیارەکانی هاوڕێکەم منیش هەرچیم زانی لەسەر ژیان و واقیعی ئێستای ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە دەرەوە بۆم باس کرد , سەرەتا پێموت کە ڕێگای قاچاغ سەختەو ئەبێت زۆر بە گرنگیەوە سەیری ژیانی خۆت بکەیت , پاشان ووتم ئەو کەسانەی کە تازە دێنە دەرەوە مافی پەنابەریان نابێت و ڕووبەڕوی ژیانێکی سەخت دەبنەوە لە نێو کەمپەکاندا , تەنانەت ژیان لە نێو کەمپەکاندا وەك جاران نەماوەو , هەر ڕۆژەی یاسایەکی دژی ئینسانی بەسەر پەنابەراندا دەسەپێنن , بە زۆر پەنابەرانێك کە پێش "10" ساڵ هاتونەتە دەرەوە بەرگی سەربازیان لەبەر دەکەن و دەیانگێڕنەوە نموونەی بەریتانیام بۆ هێنایەوە ,باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئێستا لە زۆربەی کەمپەکان لەبری مووچەو پارە خواردنی کارتۆن دابەش ئەکەن , ئاو کارەبای ناو کەمپەکان وەك جاران نەماوەو ئەمیش کەم کراوەتەوە , بواری کار کردن کەم بۆتەوەو نایەڵن بچیتە سەر کار , ژیان لە نێو کەمپەکان و نەبوونی مافی پەنابەری سەدان ئینسانی تووشی باری دەروونی سەخت کردووە , بۆم گێڕایەوە کە جارێك خۆم سەردانی کەمپێکم کرد , سەرەتا وام هەست کرد کە کەمپەکە چۆڵە , بەڵام دوای ماوەیەك و چوونە چەند ژوورێك و سەردانی چەند کەسێك , بۆیان باس کردم کە ئەوان , واتە ئەو کەسانەی لە کەمپەکەدا دەژین بەشی زۆریان بە ڕۆژ دەخەون و بە شەو دادەنیشن , تەنانەت باسی تەپڵەکی جگەرەکانیانم بۆ کرد کە چۆن هەڵدراوەتەوە لە فلتەر و سووتدا , باسی ئەوەم بۆ کرد کە چەندین کەس تورەکەو سیغاریان کردووە بە لاقەدیانداو ئەوروپا بۆیان بۆتە شارەزوور , پێمووت هاوڕێم کە دێیتە دەرەوە ناتوانی بەو تەوەقوعەوە بژیت کە لەوێ هەتە , لێرە داواکاریەکان زۆر دەبن و بێمافی و نەبوونی حەقی پەنابەری کارەساتێکی تر دروست دەکات بۆ ئینسان , بۆم باس کرد کە تۆ هەقی خۆتە بێیتە دەرەوە , هەروەها ووتم ئینسان ئازادە لەوەی کە چ جوگرافیایەك بۆ ژیان هەڵدەبژێرێت , بەڵام گرنگە ئەو جێگایەی بۆی دەڕۆی وەك خۆی بیناسی و بتوانی خۆت ئامادەکەی بۆ ئەو جۆرە ژیانەی لەو جێگایە هەیە , پێمووت کە گەشتیتە ئێرەو لانی کەم ئەگەر مافی پەنابەریت نەبوو ئەوا ئیتر ژیانێکی ئۆردوگای بەسەرتا فەرز ئەبێت , کە گەشتیتە دەرەوە ئیتر ئەو قسەیە ناخوات کە بڵێی هەر بگەم یان ڕزگارم بێت لەوێ ئیتر قەیناکات , پێمووت کە گەشتیتە دەرەوە تۆش وەك هەر ئینسانێکی ئەم کۆمەڵگایە حەزو ئارەزووت هەیە , ئاوات و ئومێدت بە ژیان هەیە , ئەزانم کە ئەتوانی ئاو کارەبات هەبێت , بەڵام لێرە ژیان واخۆی نمایش دەکات بوونی ئاو کارەبا بەس نییە بۆ ئەوەی تۆ پێتووابێت لەو دەسکەووتانە بەهرەمەند دەبیت کە کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە , پاشان دەورەیەکی تر لە کێشەو بێمافی بەجۆرێکیتر یەخەت ئەگرێتەوە , زۆرم بۆباس کرد ئەوەی من بەئەوم ئەووت هەمووی واقیع و ژیانی ڕۆژانەی هەزاران کەسە

من ووتم بە هاوڕێکەم تۆ ئازادی لەوەی سەفەر دەکەی یان نا , بەڵام لەدڵی خۆشمدا هەستم کرد کە قایل بووە سەفەر نەکات و ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ هاتنە دەرەوە , چونکە ژیانی پەنابەرانی بێحقوق تەواو سەخت و نائینسانیە , بەڵام هاوڕێکەم لە کۆتای قسەکانی مندا ووتی من ئەو شتانە هەمووی " دەزانم بەڵام هەر دێم " , منیش ئامانجدارانە پرسیم بۆ ئەو هەموو ڕاستیانە دەزانی و بەڵام هەردێیت ؟ هاوڕێکەم لەوەڵامدا ووتی ئەوە ژیان نییە لاوان لە کوردوستان هەیانە, ووتی من نازانم چی ئەکەم , نازانم خۆم بەچیەوە خەریك بکەم , بەیانی لەماڵ دەرئەچم و دوواتر ئەگەڕێمەوە بێئەوەی بزانیم چیم کردووە , جێگایەك نییە تەنها یەك کاتژمێر وەك لاو یان ئینسان پشووی لێبدەم , بێکارم و ژیانم ناڕوات , خەریکە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبم , کاتێکیش ناڕەزایەتی دەردەبڕیت تەقەو لێدەکەن و ئەتخەنە زیندانەوە .

ئەم گفتووگۆیەی نێوان من هاوڕێکەم چیرۆکی ژیانی لاوانە لە کوردوستان , بێمافی و نەبوونی سەرەتاییترین خواستەکانی ژیان , جارێکیتر لاوانی کوردوستانی خستۆتە بەردەم ڕەوویکی بەکۆمەڵ بەرەو دەرەوە , ڕاستە ئینسان هەمیشە ئومێدی بە ژیان و

ئایندەیەکی باشتر هەیە , بەڵام کۆچی بەلێشاوی لاوان بۆ دەرەوە بەشێکی بەرئە نجامی ئەو دەسکەووتە ئینسانیانە یە کە لە دەرەوە هەیە , بەشی دووەمی پەیوەندی بە دۆزەخەێکەوە هەیە کە لاوان ژیانی تێدا دەکەن لە کوردوستان , دەسەڵاتدارانیش تەنها ئەوەندەیان لەدەستدێت کاتێك لەسەر سنوورەکان دەیانگرن , وەك تاوانبار لەشاشەی کەناڵە ئاسمانیەکانیانەوە بەڕیز پیشانی خەڵکیان دەدەن و هەندێك جار سووکایەتیان پێدەکەن و قسەی ناشایستەیان پێدەڵێن .

دەست پێکردنەوەی ڕێگای قاچاغ و , بە ڕێکەووتنی وەجبەی دەیان کەسی و ڕێگای هاتوونەهات , جۆرێکە لە ناڕەزایەتی لاوان بە هەلومەرجی ژیان و دەسەڵات لەکوردوستان , تواناو ئومێدی لاوان بەژیانێکی ئینسانی و شایستە بەخۆیان , بورکانێکە هیچ سەرکووت و فریودانێك ناتوانێت بەری پێبگرێت , لاوان نارازین بەڵام شێوەو تەعبیر کردن لە ناڕەزایەتیەکانیان مەیدانی جیاواز جیاواز لە خۆدەگرێت , لاوان شەیدای خۆشەویستی و ژیانێکن مانای حورمەت و داهێنان و ئاواتەکانیان بگرێت , دەسەڵاتیش بۆ سەرکووتی لاوان و حەز و خواستەکانیان , ڕێکخراوە زەردەکانیان , پۆلیس و ئاسایش , دراماو نووسەری قەڵەم ووشك , پەیمان و خۆڵ کردنە چاو بەکاردەهێنێت .

لاوانی کوردوستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەی سیاسی و شۆڕش و نەبەردیەکی کۆمەڵایەتی چارەنووس سازدان , کە دەتوانێت ئاڵوگۆڕ لەئاستی کوردوستاندا بە قازانجی خەڵك بچەرخێنێت , لاوان چۆن شەقامەکانیان کردە مەیدانی ڕووبەڕوبونەوی خواستەکانی خۆیان و سەرکوتی دەسەڵاتداران ئێستاش هەر شەقامەکان دەتوانن ژیان و ئایندەیەکی ئینسانی بۆ لاوان مسۆگەر بکەن , بەڵام بەمەرجێك لاوان ڕیزەکانیان یەکخەن و یەکگرتووترین ناڕەزایەتیەکانیان بەردەوام و بە شێوازی کاریگەربێت , بە پەیمان و وادەی دەسەڵات فریونەخۆن , ڕابەرانی خۆشەویستی ناوخۆیان وەك نوێنەر ئامادە بکەن بۆ هەموو ڕووبەڕوبونەوەکان , لاوان خەباتی خۆیان تێکەڵ بە خواست و ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان , فەرمانبەران , کرێکاران , دەستفرۆش , کرێچی و کەمئەندامەکان بکەن , ئەمە تەنها ڕێگاچارەی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعیە , لەم خەباتەدا سەدان ڕۆشنبیر , نوسەر , شاعیر , هونەرمەند شێوەکار , ئینسانی ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز , سایت و ماڵپەڕەکان , حیزب و ڕێکخراو , پشتیوانی خواستەکانی لاوانن .

هیدایەت مەلا عەلی

hidayat_malaali@yahoo.com